# کاریگەری ستراتیژیەتی ماڵی بازنەیی بۆ بابەتی خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی چوارەمی ئامادەیی (أثر استراتيجية البيت الدائري لمادة القراءة الكردية للصف الرابع الاعدادي)

**قيصر حسين هاشم**
**أ.م.د حميد قاسم غضبان**
Kaesrhusssen1993@gmail.com

**پوختەی نامەکە**

لێکۆڵنەوەی ئێستا ئامانجی زانینی " کاریگەری ستراتیژیەتی خانەی بازنەیی لەسەر دەسکەوتی بابەتی خوێندنەوەی کوردیی نوێ لای فێرخوازانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی". هەروەها زانینی بەڵگەی جیاوازی ئاماری بۆ ئەو ستراتیژە، بۆ بەدیهێنانی ئامانجی لێکۆڵینەوە، لێکۆڵەر پشتی بە "ڕێبازی ئەزموونی" بەستووە، لەسەر ئەو بنەمایەی ڕێبازێکی گونجاوە بۆ لێکۆڵینەوەی ئێستا، نموونەی لێکۆڵینەوەکە ژمارەیەك لە فێرخوازانی لەخۆگرتووە، ژمارەیان (61) فێرخوازە و دابەشیکردوون بەسەر دوو هۆبەی ئەزموونی کە ژمارەیان (31) و کۆنترۆڵکراو کە ژمارەیان (30) فێرخوازە، لە کۆمەڵەی نموونەکە بۆ قوتابخانەی ئامادەیی و دوناوەندی لە پارێزگای بەغدا بۆ ساڵی خوێندنی (2021 - 2022)، هەروەها لێکۆڵەر ئامانجی ڕەفتاری ئامادەکردووە، کە پیکهاتووە لە (84) ئامانج، دابەشیکردووە لە نێوان ڕێزمان و ئەدەب لە بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێ، دوای خستنە بەردەستی کۆمەڵێك لە شارەزایان و داوەران و پسپۆڕان لێکۆڵینەوەی لە ڕاستگۆیی ئامارەکان کردووە، هەروەها لە ڕێگای بەکارهێنانی هاوکێشەی جێگیری "کیودر – ریتشارسۆن" لێکۆڵینەوەی لە جێگیری کردووە، جێگیرییەکەی گەیشتووە بە (0،84)، لێکۆڵەر ئامرازی ئاماری گونجاوی لە چارەسەرکدنی داتاکان بەکارهێناوە، کە دەستی کەوتوون، لەوانە (تاقیکردنەوەی تائی - t-test) و (چوارلای کای -chi square ) و (هاوکێشەی ئاسانی/ سەختی) و (هاوکێشەی جیاکاری) و (هاوکێشەی سبیرمان براون).

**لەسەر بنەمای ئەوانەی خستییە ڕوو، لێکۆڵەر گەیشتووە بە ژمارەیەك ئەنجام، لەوانە:**

1. ئەو ستراتیژییە یارمەتی فێرخواز لەسەر بەدیهێنانی هاوکاری لە نێوان خودی فێرخوازان دەدات، یان هاوکاری لە نێوان مامۆستا و فێرخواز.
2. ئەو ستراتیژییە یارمەتی فێرخواز لەسەر دیاریکردنی بابەتەکە بە شێوەی چەمکی سەرەکی دەدات، هەروەها کار لەسەر بەشکردنی بۆ چەمك و زانیاری لاوەکی دەدات.

**لەبەر ڕۆشنایی ئەو لێکۆڵینەوەیەی ئێستا، لێکۆڵەر کۆمەڵێك ڕاسپاردەی خستەڕوو:-**

1- پێویستە سەرپەرشتیارانی پەروەردە جەخت لە گرنگی بەکارهێنانی کاریگەری ستراتیژی خانەی بازنەیی بکەنەوە، وەکو شێوازێکی کاریگەر لە دەستکەوت لە پاڵ شێوازەکانی دیکە.
2- جەختکردنە سەر گرنگی و کاریگەری ڕاهێنان لەسەر بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێ، لە ڕووی حولەکانی پەرەپێدانی توانستی وانەوتنەوە، لەگەڵ ئاشنابوون و شارەزاییان لەسەر هەنگاوی ڕاست بۆ وانەوتنەوەی زمانی کوردی.

## بەشی یەکەم
## ناساندنی توێژینەوەکە

**یەکەم: کێشەی توێژینەوە:**

پەروەردەی نوێ و زۆربەی توێژینەوەکانی سەردەم وایدەبینن، پەرینەوە لە شێوازی فێرکردنی پشت بەستوو بە تەلقین، بۆ شێوازی پشتبەستان بە چالاککردنی کارکردنی فێرخوازان و توانا و ئاراستە و کارامەیی و گەشەپێدانیان بە ڕێگایەك، وایان لێ بکات ببنە هاوبەش لە گۆڕانکاری پرۆسەی فێرکردن پێویستە، لەبەرئەوە چیتر گرنگیدانی پەروەردە کورتنابێتەوە لەسەر دەستەبەرکردنی پرۆگرام، بە تایبەتی ئەو پرۆگرامی خوێندنەی، کە ئەرك و ڕۆڵی بنەرەتی گواستنەوەی زانیاری کەڵەکەبووە بۆ فێرخوازان،

بەڵکو ئەو ڕۆڵەی تێپەڕاندووە بۆ گرنگیدان و جەختکردنە سەر مامۆستا و پرۆگرام و فێرخواز و جێبەجێکردنی نوێترین ستراتیژ و ئامراز و شێواز و ڕێگاکانی وانەوتنەوەی نوێ. (المسعودي, 2002: 11)

گرنگیدان بە وانەوتنەوەی زمان بە هێمای جیاکاری پێشکەوتن و بە شارستانییوونی گەلان دادەنرێت، سەدەمەکەمان چەندین ڕووبەڕووبونەوە و سەختی و گۆڕانی خێرا لە بوارە جیاوازەکانی ژیان بەخۆیەوە دەبینێت، بە تایبەتی لە بوارەکانی مەعریفەی زانستی، لەو سەردەمە وانست و فێربوون و پێدانی مەعریفەی زانستی بووە بە پێویستییەکانی ژیان، ئەوە وایکردووە سەختی و ڕووبەڕووبوونەوەی نوێ بەسەر دەزگاکانی فێرکردن خۆی بسەپێنێت، ئەو پرسە دووبارە بیرکردنەوە بۆ گونجان لەگەڵ سەختی و گۆڕانکارییەکان و ڕووبەڕوو بوونەوە بەردەوامەکان لە زانستی کردووە بە پێویست، لەگەڵ زیادبوونی دواکاری لەسەر فێرکردن و فێربوون. (العبادي, 2010: 81)

**گرنگی توێژینەوە:**

ئەو سامانە زانستی و مەعریفیەی جیهانی پێشکەوتوو لە سەردەمەکەمان هەیەتی، وایکردووە بتوانن ئاستێکی چاوەڕوان نەکراو لە پێشکەوتنی زانستی و پێشکەوتنی شارستانی بەدی بهێنن، لە ئەنجامی ئەو پێشکەوتنە، تەنها قەبارەی مەعریفە لە سەختییەکاندا زیادی کردووە، هەروەها فێرخوازان خراونەتە بەردەم ئەو زانیاریە زۆر و کەڵەکەبووانە، هەروەها بووە بە هۆکاری سەپاندنی ڕووبەڕوو بوونەوەی نوێ لەسەر دەزگاکانی پەروەردە و فێرکردن. لە بەرانبەردا پەروەردە جەختی کردووەتە سەر فێرخواز، کە چیتر تەنها پشت بە ئەزبەرکردن و تەلقین نەبەستێت، بەڵکو ڕووبەڕووی ئەوە ببێتەوە، (عياد، 2008: 8)

ئەروەردەی ئەمڕۆ بازدانی تەکنەلۆژی باڵای بەخۆیەوە بینیوە، لە ئێستادا جیهان لە سایەی شۆڕشی تەکنەلۆژی زانستی گەورەدا دەژیت، کە کاریگەری لەسەر بوارە جیاوازەکانی ژیان هەیە، ئەو شۆڕشە زانستییەی لە پەرەسندنی زانستی و تەکنەلۆژیەی لەو سەردەمی ئێستادا هاتووەتە ئاراوە، وایکردووە سەرجەم بوارەکانی ژیانی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابووری پێشبکەوێت، بۆیە بەو سەردەمە دەگوترێت سەردەمی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو و تەقینەوەی مەعریفی. (سلامة, 2002: 236)

بەوشێوەیە پەروەردە بووە بە یەکێك لە ئامرازە گرنگەکانی گۆڕینی ڕەفتاری مرۆڤ بە ئاراستەی ویستراو و داواکراو، بەڵکو بەکارهێنراوە لە گۆڕینی بونیادی شارستانی لە چەندین وڵاتی جیهان، کەواتە لە گۆڕینی شێوازی چیانیان و بەدیهێنانی گەشەی گشتگیر لە ڕێگای فێرکردنی نەوەکانیان و ڕاهێنانیان لە دەزگاکانی فێرکردن پشتیان بە فێرکردن بەستووە، هەروەها بە فێرکردن بەپێی توانا گەیشتوون بە بەرزترین ئاستی توانایی و دەستکەوت. (الخطيب, 2003: 10)

**سنوری توێژینەوە:**

ئەو توێژینەوەیە بەوانە دیاری دەکرێت:

1- سنوری بابەتی:

نۆ بابەتی یەکەم لە کتێبی خوێندنەوەی کوردی نوێی بڕیاردراوی خوێندن، لە وەزارەتی پەروەردە بۆ فێرخوازانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی، بۆ لقەکانی زانستی و وێژەیی بۆ ساڵی خوێندنی (2021 - 2022) لە عێراق.

2- سنوری مرۆڤایەتی:

نموونەیەك لە فێرخوازانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی لە قوتابخانە ئامادەییەکان و دواناوەندییەکان لە بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێ.

3- سنوری شوێنی:

قوتابخانە ئامادەیی و دواناوەندییەکانی ڕۆژی حکومی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگای بەغدا.

4- سنوری کاتی:

ساڵی خوێندنی (2021 - 2022).

**دیاریکردنی زاراوەکان:**

**1- ستراتیژ:**

"شحاتة والنجار (2003): "بريتييه لە پلانی تۆکمە بونيادنراو و بە ئاسانی جێبەجێ دەکرێت، هەموو تواناو شێوازە بەردەستەکانی بە ڕێگای نموونە تيادا بەکاردەهێنرێت، بۆ بەديهێنانی ئەو ئامانجەی مەبەستە پێ بگات لە لايەنی فێربوونی جياواز". (شحاتة والنجار, 2003: 39)

* لێکۆڵەر ڕێکاريانە پێناسەی ستراتيژ دەکات:

(بريتييە لە کۆمەڵێك هەنگاوی ڕوون و ڕێکخراو، لێکۆڵەر بۆ گەيشتن بە ستراتژيەتێك پەيڕەويان دەکات، لە پێناوی گەياندنی بابەتی فێرکردن بە فێرخوازانی پۆلی چوارەمی ئامادەيی (نموونەی توێژينەوە) لە بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێ بە مەبەستی بەديهێنانی ئامانج).

**2- خانەی بازنەيی:**

ابو عقيل (2020): " ابو عقيل پێناسەی کردووە، ستراتيژی وانەوتنەوە جەخت دەکاتە سەر تيۆری بونيادی، قوتابی نواندن دەکات يان جەخت دەکاتە سەر چەمکە زارەکييەکانی لە ماوەی خوێندنەوەی دووبارەوە هاتوون". (ابو عقيل، 2020: 269)

لێکۆڵەر ڕێکاريانە پێناسەی خانەی بازنەيی دەکات:

"بريتييە لە کۆمەڵێك ئامانج يان هەنگاوی ڕێکاری ڕێکخراو و بەيەکەوە بەستراو، مەعريفە و زانياری و کارامەييەکانی وانەکەی تيادا ريزبەندکراوە، بۆئەوەی بابەتەکانی خوێندنەوەی کوردی نوێ کە مەبەستە بە فێرخوازانی بڵێتەوە لەخۆبگرێت".

**3- دەستکەوت:**

(العجرش, 2016) پێناسەی کردووە بريتييە لە: "توانای وەرگرتنی فێرخوازە، دوای فێربوونی شارەزايی و زانياری لە بابەتی دياريکراو، بە پێوەری ئەو نمرەييەی لە تاقيکردنەوەی دەستکەوت پێی گەيشتووە". (العجرش, 2016: 220)

هەروەها (الكلزة والمختار, 1989) پيناسەيان کردووە: "توانای وەرگرتنی فێرخوازە لە ماوەی فێربوونی زانياری و شارەزايی بۆ بابەتی دياريکراو يان بابەتی پێوراو بە نمرەی دەستکەوت فێرخواز لە تاقيکردنەوەی دەستکەوت بۆ هەڵسەنگاندنی ئەنجامدانی فێرخواز و تواناکانی". (الكلزة والمختار, 1989: 102)

**4- پۆلی چوارەم:**

"پۆلی يەکەمە لە قۆناغی ئامادەيی، چوارەمە لە قۆناغی دواناوەندی، دەبێت بە پسپۆڕی بە شێوەی زانستی يان وێژەيی، تەمەنی فێرخوازانی لە نێوان (16 - 18) ساڵە (وزارة التربية, 1990: 35)، قۆناغی ئامادەيی بە قۆناغێکی گرنگ لە فێرکردن دادەنرێت، گواستنەوەی هەقيقی و بازدانی جۆرييە، فێرخواز لە قۆناغی ناوەندی دەچێت بۆ قۆناغی ئامادەيی، ئەرکی گەورە دەکەوێتە سەر ئەو قۆناغە، هەروەها ئامانجی خۆی هەيە، گرنگترينيان گەشەپێدانی توانای فێرخوازە لەسەر بيرکردنەوەی ڕێکخراو لە هەموو ئەوانەی پەيڕەوی دەکات، لەو کار و چالاکيانەی ئەنجاميان دەدات، هەروەها تواناياين لەسەر توێژينەوەی زانستی زياد دەکات". (جمهورية العراق, 1975: 15)

**پێنجەم: خوێندنەوەی کوردی نوێ:**

بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێ پێناسە دەکرێت، کە کتێبی بڕياردراوی واتنەوەيە بە فێرخوازان پۆلی چوارەمی ئامادەيی و دواناوەندی بە هەردوو لقی وێژەيی و زانستی بۆ ساڵی خوێندنی (2021 - 2022).

## بەشی دووەم

## تەوەری يەکەم: پاشخانی تيۆری

**تيۆری بونيادی:**

بواری پەروەردە لە کۆتايی سەدەی ڕابردوو پەرەسەندنی گەورەی لە پەروەردەی زانستی بەخۆيەوە بينی، لە ئەنجامدا گۆڕانی گەورە لە بونيادی مەعريفی فێرخواز ڕوويدا، کە (الخليلي, 1995: 255) دەيخاتەڕوو، لە بيست ساڵی ڕابردوو لێکۆڵينەوەی پەروەردەيی گۆڕانی لە جەختکردنە سەر فاکتەری دەرەکی بە خۆيەوە بينی، کاری لە فێربوون کرد، وەکو گۆڕاوی مامۆستا(کەسايەتی، پەرۆشی، پاڵپشتی) قوتابخانە، پرۆگرام، بۆ فاکتەری ناخەکی، يان ئەوانەی لە ناو مێشکی فێرخواز دەگوزەرێن، وەکو مەعريفەی پێشوو، پاڵنەری بۆ فێرخواز، يان گواستنەوەی لە فيربوونی ڕووکەش بۆ فێربوونی واتادار، لە کاروانی ئەو گۆڕانکارييەدا بووە هۆی دەرکەوتنی تيۆرە مەعريفييەکانی وەکو تيۆری بونيادی، لەگەڵ

ئەوەی تیۆری بونیادی لە پەروەردە چەند ناوێکی هەیە، ناونراوە (تیۆری بونیادی مەعریفی)، یان (تیۆری بونیادی چەمکەکان لە پەروەردە)، هەروەها بە ناوی پرۆگرامی بونیادی دەرکەوتووە، هەروەها بە تیۆری فێربوونی بونیادی و ڕێگای بونیادی لە وانەوتنەوە، مامۆستای بونیادی، هەروەها فێرخوازی بونیادی. (تروبرخ وبايبي, 2004: 24)

تیۆری بونیادی لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم درکەوتووە، گرنگی بە فێرکردن و فێربوون داوە، جەختی کردووەتە سەر چۆنیەتی کارکردنی مێشکی فێرخواز، هەروەها جەختی کردووەتە سەر ڕۆڵی مامۆستا و فێرخواز لە هەڵوێستە جیاوازەکانی فێرکردن، (الخزرجي, 2011). ئەو تیۆرە وەکو پەرچەکردارێکە بۆ ئاستەنگەکان و ڕەخنەکان و کێشەکانی ڕووبەڕووی تیۆری بونیادی بووینەوە، لەبەرئەوەی ئەو تیۆرە دان بەوەدا دەنێت، هەموو کۆمەڵگەیەك یان دەزگایەك یان ڕێکخراوی بونیادنەر و بونیادی شیدەبنەوە بۆ بەش و ڕەگەزی پێکهێنان. (عادل، 2009: 9)

تیۆری بوونیادی بەوە ناسراوە "ئەو هەڵوێستە فەلسەفیەیە یان بۆچوونەیە یان ڕێکارانەیە کە وادەکەن فێرخواز بتوانێت چەندین چالاکی فێرکردن لە کاتی فێربوونی زانستەکان ئەنجام بدات، هەروەها جەخت دەکاتە سەر بەشداری هزری کرداری فێرخواز لەو چالاکیانە، بۆئەوەی مەعریفەی نوێ بە خودی خۆی بەرهەمبهێنێت، هەروەها فێربوون لەسەر وەرگرتن و تێگەیشتن لەلای فێرخواز بە ئاستێکی پێشکەوتوو ڕوودەدات، وادەکات دووبارە چەمکە مەعریفییەکان بۆ فێرخواز بە زانیارییەکانەوە بونیاد بنرێتەوە. (الميهي, 2003: 15)

**تیۆری بونیادی پشتی بە چەندین پرنسیپ بەستووە، لەوانە:**

1- ئەو بونیادە مەعریفیەی لەلای فێرخواز پیکهاتووە، بەرهەڵستی جیاوازییکان گۆڕانکارییەکان دەکات، ئەوە پێویستی بە پەیڕەوکردنی چالاکی و تاقیکردنەوە و ڕێگاکانی وانەوتنەوەی مامۆستایە، یارمەتیدەدات لە گێرانەوەی هاوسەنگی بۆ فێرخواز.

2- ڕیکخستن و پێکهێنانی واتا بە پرۆرسەی دەروونی چالاك، پێویستی بە کۆششی ئەقڵی فێرخوازە، بۆئەوەی بونیادی مەعریفی فێرخواز بە هاوسەنگی بمێنێتەوە، لەبەرئەوەی شاریزایی لەگەڵ پەی پێبردن گونجاوە.

3- واتا؛ بۆ فێرخواز لە ئامێری مەعریفەی خودی بونیاد دەنرێت، لە مامۆستاوە بۆ فێرخواز ناگوازرێتەوە، بەو واتایەی مەعریفەی فێرخواز لە ئەنجامی ئەو هەستانەی لەگەڵ جیهانی دەرەوە کارلێك دەکەن؛ پێکدێت. (عليان، 2010: 111)

هەروەها زیتون تیۆری بونیادی پێناسەکردووە، کە پرۆسەی وەرگرتن و پێشوازیکردنە، دووبارە ڕێکخستنە و بونیادنانەوەی فێرخوازانە بۆ واتای نوێ، لە ناو ڕەوتی زانیاری و مەعریفەی ئێستایان، لەگەڵ شارەزایی پێشوویان و ژینگەی فێربوون، کە هەریەك لە مەعریفەی ژیان و زانیارییەکانی پێشوو لەپاڵ فێربوونی لایەنە بنەڕەتییەکان بۆ تیۆری بونیادی لەخۆدەگرێت. (زيتون، 2002: 212)

**- بنەمای تیۆری بۆ پێکهێنانی خانەی بازنەیی:**

شێوەی خانەی بازنەیی (wandersee) بونیادنراوە لەسەر ئەو بنەمایەی تیۆری فێربوونی واتادری "ئۆزۆبێل" پێشکەشی کردووە، کە تیۆری بونیادی مرۆڤانەی لە بۆچوونی سەربارەت بە بەدەستهێنانی چەمکی مەعریفی پێشکەش کردووە، لەگەڵ لێکۆڵینەوەکانی میللر سەبارەت بە یادەوەری و ئەو لێکۆڵینەوەیەی سەبارەت بە درککردنی بینین پێشکەش کردووە، لێکۆڵەر لە سەرەتایی ئەو بەشەدا دید و بۆچوونەکانی تیۆری بونیادیان تەفسیرکردووە خستیتییە ڕوو، وایدەبینێت، پێویست ناکات جارێکی دیکە بۆیان بگەڕێینەوە، کەواتە ئەوەندە بەسە بنەمای تیۆری دیکە بخەینەڕوو، کە ستراتیژی خانەی بازنەییان لەسەر بونیادنراوە، ئەویش لێکۆڵینەوەی میللەرە سەبارەت بە یادەوەری. (امبو سعيدي, 2009: 487)

**ستراتیژی خانەی بازنەیی و لێکۆڵینەوەکانی جۆرج میللەر:**

جۆرج میللەر لە لێکۆڵینەوەی دەروونی سەبارەت بە یادەوەری کورتخایەن گەیشتە ئەوەی گۆڕانی شێوەی بۆ حەوت پارچەکانی بە گونجاوی بەیەکەوە دێن، لەگەڵ ئەوەی میللەر (1956) لە لێکۆڵینەوەی یادەوەری کورتخایەن گەیشت بەوەی شێوەی پارچەکان گڕاوە بۆ (7- 5 - 9) کە خۆی (5 -9) یەکە بووە، کە ناوەندی وەرگرتنی یاردەوەری کورتخایەن (7) (ژمارە - پیت – ناو - ... )، بەوشێوەیە دوو کەمی کردووە یان زیادی کردووە (سليم، 2003: 457 - 458).

**سیما و تایبەتمەندییەکانی یادەوەری کورتخایەن، ئەمانەن:**

1- زانیارییەکانی دەهێنرێنەوە، کات ناخایەنێت، بەڵکو زۆر بە خێرایی دەهێنرێنەوە.

2- یادەوەری کورتخایەن لەوانەیە پێکهاتە و زانیارییەکانی لەدەست بدات، ئەگەر چالاکانە چارەسەر نەکرێتن و لە ڕێگای پرۆسەی دووبارەکردنەوە (ڕاهێنان) و ئامادەکردن هەڵنەگیرێن، پێی دەگوترێت توانا سنوردار، ماوەی هەڵگرتنی کورتخایەنە یان بێ توانایە لە وریاکردنەوە (دووبارەکردنەوە)، جەخت لەسەر پێویستی دووبارەکردنەوە و ڕاهێنان دەکات، لە پێناوی پارێزگاریکردن لە بابەتی فێرکردن، بتەوکردنی لە یادەوەری کورتخایەن.

3- یادگەیەکی کاتی گواستنەوەیە، بۆ برێکی دیاریکراو لە زامیاری.

4- بۆ ماوەی کاتێك پارێزگاری لە زانیاری دەکات، ماوەکەی لە نێوان چەند چرکەیەك بۆ خولەکێکی کەمە.

**ستراتیژی خانەی بازنەیی:**

لە ساڵی 1994 (واندیرس wandersee) هێڵکارییەکی بۆ خانەی بازنەیی دانا، ئەو هێڵکارییە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی واندیرس بوو لە زانکۆی لیوزیان بۆ تیۆری ی دەیانزانێت لە شێوەی ڕێکخراو بە یەکەوەیان ببەستێتەوە (المزروع، 2005: 19) و (الشمري وحيدر, 2010)، هەروەها لە پێناوی چاکترکردنی تێپەڕاندنی زانیاری و ڕاستییەکان و چەمکەکان بۆ هزری فێرخواز، ئەوە دەبێتە چوارچێوەیەك، فێرخواز دەتوانێت لە ڕێگایەوە زانیارییەکان بەکەوە ببەستێتەوە و دیاری بکات و وەسفی بابەتەکان بکات، هاوکات فێرخواز جەخت دەکاتە سەر بیرۆکەی گشتی، دواتر جیایان دەکاتەوە بۆ چەند بەشێك، لە گشتییەوە بۆ تایبەتی دەست پێ دەکات، بەوشیوەیە پرۆسەی گێڕانەوەی زانیارییەکان لە هەڵوێستەکانی ژیان ئاسان دەکات. (mccartney and fig,2011:p4)

هەروەها بنەمای دەروونی بۆ شێوەی خانەی بازنەیی، دەگەڕێتەوە بۆ تیۆری بونیادی، ئەگەر داهێنرانەی تیۆری بونیادی باوەڕی بەوە هەبێت، فێربوون دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجامی زیادکردنی ئەو بیرۆکانەی لەلای فێرخوازە و هەمواری کردوونەتەوە و زانیاری نوێی بۆ زیادکردوون، یان دووبارە بیرۆکەکانی لایی خۆی هەبووینە ڕێکیخستوونەتەوە. (زيتون، 2004: 212)

**هەنگاوەکانی خانەی بازنەیی:**

1- دیاریکردنی ئامانج لە بونیادنانی هێڵکاری خانەی بازنەیی.

2- مامۆستا وانەکە بە بە یەکێك لە شێوازەکانی وانەوتنەوەی باو دەخاتەڕوو، وەکو خستنەڕووی زانستی یان شرۆڤەکردن یان گفتوگۆ.

3- مامۆستا گروپەکانی فێربوونی هەرەوەزی پێکدەهێنێت، گروپەکان بەپێی دید و تێڕوانینی مامۆستا و ئەو ئامانجەی هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات، هاوشێوە بن یان هاوشێوە نەبن.

4- مامۆستا هاوکاری هاوکاری فێرخوازان دەکات، لە دیاریکردنی بیرۆکە سەرەکییەکانی دەریاندەهێنن و دەیاندۆزنەوە، هەروەها لە نەخشەکێشانی شێوەکەی.

5- مامۆستا ئامانجی تایبەت بە وانەکە لە ژێرەوەی شێوەی خانەی بازنەیەکە دەنووسێت.

**- دەستکەوت:**

پسپۆڕانی بواری پەروەردە و مامۆستایان گرنگی بە دەستەکەوت دەدەن، لەبەرئەوەی ڕۆڵیکی گەورە لە ژیانی خوێندنی فێرخوازان هەیە، ئەنجامی ئەو دەستکەوتەیە لە دەزگاکانی فێرکردن لە پرۆسەی فێربوونی جۆراوجۆر جەختی لێ دەکرێت یان بەڵگەیە لەسەر چالاکی ئەقڵی مەعریفی فێرخواز، دەستکەوت واتا فێرخواز بۆ خۆی لە زۆربەی قۆناغەکانی ژیان بەرزترین ئاستی لە پێشکەوتن و مەعریفە و زانست بەدەست هێناوە، لە ڕێگای دەستکەوت فێرخواز دەتوانێت لە قۆناغێکەوە بەپەڕێتەوە بۆ دواتر و بەدەوامبێت لە دەستکەوتنی مەعریفە. (هلال، 2015: 12)

هەندێك لە لێکۆڵەرەوانی لە بواری پەروەردە ئاستی دەستکەوت وادەبینین، کە: ئەو ئاماژە یان هێمایەیە فێرخواز لە هەر تاقیکردنەوەیەك دەستی دەکەوێت، یان بریتییە لە تاقیکردنەوەی قوتابخانە، لە بابەتێکی خوێندن فێرخوازەکان کارامەیی و زانیارییەکانیان بەدەست دەهێنن، لە ماوەی فێربوونی بابەتەکانی بابەتی خوێندن. (الزهيري, 2016: 642)

دەستکەوت بە یەکێك لە لایەنە گرنگەکانی چالاکی ئەقڵی دادەنرێت، کە فێرخوازی پێ هەڵدەسنگێنرێت و وەکو پێودانگێکی بنەڕەتی لێی دەڕواندرێت، دەتوانرێت ئاستی ئەکادیمی فێرخوازی پێ دیاری بکرێت. (الخالدي, 2008: 89 - 91)

**تەوەری دووەم**

**لێکۆڵینەوەکانی پێشوو**

**یەکەم: خستنەڕووی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو:**

زۆربەی پەروەردە کاران و لێکۆڵەرەوان گرنگیان بە ستراتیژییەکانی وانەوتنەوە داوە، هەروەها بە ڕۆڵی کارایان لە پێکهێنانی مەعریفە، هاوکات ئەو لێکۆڵینەوە دەیەوێت کاریگەری ستراتیژی خانەی بازنەیی لە دەستکەوتی بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێ بۆ پۆلی چوارەمی ئامادەیی بزانێت...

**لێکۆڵینەوە عەرەبییەکان:**

**1. لێکۆڵینەوەی المزروع (2007):**

ئەو لێکۆڵینەویە لە سعودیە ئەنجامدراوە بە ئامانجی زانینی (کارایی ستراتیژی شێوەی خانەی باونەیی لە گەشەپێدانی کارامەیی دوای مەعریفە و دەستکەوتی زانست لەلای فێرخوازانی دواناوەندی دواکەوتووانی توانای ئەقڵی). لێکۆڵەر پشتی بە ڕێبازی ئەزموونی بەستووە، هەروەها یەکێك لە نەخشەکانی هاوشیوەی ئەزموونی بەکارهێناوە، کە ناسراوە بە نەخشەی پێوانەی پێشەکی و کۆتایی بۆ کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو بێ توانا، گۆڕاوە سەربەخۆکان بەدەر لە ڕێگای وانەوتنەوە دەگرێتەوە (ستراتیژی شێوەی خانەی بازنەیی لە بەرانبەر ڕێگای ئاسایی)، توانای ئەقڵی (بەرز لە بەرانبەر نزم. هەروەها کارامەیی دوای مەخریفە و دەستکەوتی خویندن هەردوو گۆڕاوی پاشکۆ دەگرێتەوە. بەڵام نموونەی لێکۆڵینەوەکە پێکهاتووە لە دوو بەش لە بەشەکانی پۆلی دووەمی دواناوەندی، لە یەکێك لە قوتابخانەکانی دواناوەندی، بۆ نواندنی کۆمەڵەی ئەزموونی و بابەتەکان بۆ کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو. ئامرازەکانی لێکۆڵینەوە پێکهاتووە لە پێوەری ئاگایی بە کارامەیی دوای مەعریفە و تاقیکردنەوەی دەستکەوت، ئەوانە لە ئامادەکردنی لێکۆڵەرن، هەروەها شێوە یەکتربڕەکان، لێکۆڵەر چارەسەری داتاکانی بە بەکارهێنانی شیکاری جیاکاری یەك ئاراستەیی و دوو ئاراستەیی کردووە، ئەنجامەکان کارایی ستراتیژی شێوەی خانەی بازنەییان لە گەشەپێدانی کارامەیی دوای مەعریفە و دەستکەوتی خوێندنیان لەلای فێرخواز دەرخستووە. هەروەها ئەنجامەکان؛ هەبوونی کاریگەری کالێککردنی نێوان ستراتیژی شێوەی خانەی بازنەیی و توانای ئەقڵییان لە گەشەپێدانی کارامەیی دوای مەعریفە و دەستکەوتی خویندن لەلای فێرخوازن دەرخستووە. (المزروعي, 2007: 1- 90)

**2- لێکۆڵینەوەی الشمري وفالح (20011):**

ئەو لێکۆڵینەوە لە عێراق بە ئامانجی زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژی شێوەی خانەی بازنەیی لە دەستکەوتی بابەتی مێژووی عەرەبی ئیسلامی لەلای فێرخوازانی پۆلی دووەمی ناوەندی ئەنجامدراوە، لێکۆڵەر پشتی بە نەخشەی ئەزموونی کۆنترۆلکراوی بەشەکی و تاقیکردنەوەی دەستکەوتی کۆتایی بەستووە، بەڵام کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوە لە فێرخوازانی قوتابخانەی ناوەندی و دواناوەدی ڕۆژێی بۆ کوڕانە لە قەزاری محاویل سەر بە بەریوەبەرایەتی پەورەردەی بابل، ژمارەیان گەیشتووە بە (16) قوتابخانەی ناوەندی و دواناوەندی، ژمارەی فێرخوازانی پۆلی دووەمی ناوەندی (1544) فێرخوازە. بە پێی ڕێگای ڕەمەکی، قوتابخانەی تسامی بۆ کوران بووە بە گۆرەپانی لێکۆڵینەوەکەو نموونەی لێکۆڵینەوەکە (56) فێرخواز بووە، (28) فێرخواز بۆ کۆمەڵەی ئەزموونی و (28) فێرخواز بۆ کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو، هەردوو لێکۆڵەر لە ڕووی دەستکەوتی باوك و دایك و زیرەکی و مەعریفەی پێشوو و کۆ نمرەی ساڵی پێشوو و تەمەنی کاتی، بەو ئەنجامەی هەردوو لێکۆڵەر لە ڕێگای ئەو گریمانە پێی گەیشتوون کۆتاییان هێناوە:(هەبوونی جیاوازی بە بەڵگەی ئاماری لە نێوان ناوەندی نمرەی دەستکەوتی فێرخوازانی کۆمەڵەی ئەزموونی، کە بابەتی مێژووی عەرەبی ئیسلامییان بە بەکارهێنانی ستراتیژی شێوەی خانەی بازنەیی خوێندووە، لەگەڵ ناوەندی نمرەی دەستکەوتی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، کە هەمان بابەت بە ڕێگای کلاسیك خوێندووە)، لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونی، ئەو ئەنجامە بەڵگەیە لەسەر پێشکەوتنی کۆمەڵەی ئەزموونی بەسەر کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو. (الشمري وفالح, 2011: 7 - 18)

**لێکۆڵینەوە بیانییەکان:**

**1- لێکۆڵینەوەی (Ward& Wander see 2002):**

ئەو لیکۆڵینەوەیە لە ئەمریکا بۆ زانینی (کاریگەری شێوەی خانەی بازنەیی لە تێگەیشتنی چەمکە زانستییە ئەبستراکتەکان و پرنسیپەکانیان لەلای فێرخوازانی پۆلی شەشەمی سەرەتایی) ئەنجامدراوە.لێکۆڵەرە پشتی بە ڕێبازی چەندایەتی و ڕێبازی جۆرایەتی (چۆنایەتی) بەستووە، نموونەی لیکۆڵینەکە پێکهاتووە لە (19) فێرخواز لە ئاستە زانستییە جیاوازەکانی (بەرز و ناوەند و نزم).
ئامرازەکانی (شێوەی خانەی بازنەیی، داتای جۆری و چەندایەتی و زیادەی نمرەی هەڵسەنگاندنی فێرخواز، بۆئەوەی وێنە کێشانی شێوەی خانەی بازنەیی بە وردیبێت و چاوپێکەوتنی کلینیکی بێت)، لێکۆڵەر (6) فێرخوازی بۆ پشکنین هەڵبژاردووە، وەکو حاڵەتی لێکۆڵینەوە و ئەزموونەکە (10) هەفتە بەردەوام بووە، ئەنجامەکە بەوشێوەیە بووە:

بوونی پەیوەندی بەیەکەوە بەستنەوە لە نێوان پێشەکەوتنی ئەکادیمی فێرخوازان و توانای پڕکردنەوەی پارچەکانی خانەی بازنەیی، هەموو فێرخوازێك تونی شێوەی خانەی بازنەیی بونیاد بنێت ( Ward , Wandersee , 2002 , p575,591)

**2- لێکۆڵینەوەی (Salim &others 2010):**

ئەو لێکۆڵینەویە لە تورکیا ئەنجامدراوە، بە ئامانجی زانینی (کاریگەری هێڵکاری خانەی بازنەیی لە دەرچوون لە فێربوون و توندی هێز و جوڵەی فێرخوازانی پۆلی حەوتەمی سەرەتایی)، لەبەرئەوە دوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراوی بەکارهێناوە، لێکۆڵینەوەکە لەسەر نموونەی (372) فێرخواز ئەنجامداوە، کە لە پۆلی حەوتەم دەخوێنن لە چوار قوتابخانەی سەرەتایی لە کاتی جیاواز، فێرخوازانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو ژمارەی تاکەکانی گەیشتووە بە (189) فێرخواز، یەکەکە لەبەر ڕۆشنایی چالاکی پرۆگرامی بونیادی فێردەبن، فێرخوازانی کۆمەڵەی ئەزموونی ژمارەی تاکەکانی گەیشتووە بە (183) فێرخواز، ئەوانە هەوڵیانداوە یەکەکە بە هێڵکاری خانەی بازنەیی لەگەڵ چالاکی فێربوونی بونیادی فێرببن.
لە پێناوی زانینی ئەنجامی دەستکەوتی فێرخوازانی کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو، تاقیکردنەوەی دەستکەوتی ئامادەکردووە، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە، سەرکەوتنی کۆمەڵەی ئەزموونی ئاستی ئەنجامدانیان چاکترە لە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو. (Salim , 2010)

**دووەم: لایەنەکانی سودبینین لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوو:**

لێکۆڵەر لە ڕێگای تێگەیتن لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوو لە چەندین لاوە سودی لێیان بینیوە، لەوانە:
1- دەرەوشانەوەی کێشەی لێکۆڵینەوە و ڕەهەندەکانی.
2- چۆنیەتی دەستکردن بە ئەزموون یان بە هەنگاوەکانی ئەنجامدان و پێداویستییەکان و ئامرازەکانی کە پێویستی پێیانە.
3- هەڵبژاردنی شێواز و ئامرازی ئاماری گونجاو بۆ چارەسەرکردنی داتاکان.
4- تێگەیشتن لە زۆر لە سەرچاوە سەرەکی و لاوەکییەکان و کارکردن لەسەر ڕێککردن و ڕێکخستنی سەرچاوە سەرەکییەکانی تایبەت بە لێکۆڵینەوەکە.
5- سودبینین لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو، لە پرسی پاڵپشتیکردن و بەهێزکردنی لێکۆڵینەوەی ئێستا و تەفسیرکردنی ئەنجامەکانە.

**سێیەم: هاوسەنگی لە نێوان لێکۆڵینەوەکانی پێشوو و لێکۆڵینەوە ئێستا:**

زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو تەنها ستراتیژی خانەی بازنەییان وەرگرتووە، لە گۆشەی جۆراوجۆر و جیاواز وەریانگرتووە، لەگەڵ هەبوونی هەندێك لایەنی هاوشیوە لەگەڵ ئەوانی ئەو لێکۆڵینەوەیە لەخۆی گرتووە، هەروەها وەرگرتنی هەندێك لایەنی جیاواز و ناکۆك، دوای ئەوەی لێکۆڵەر لێکۆڵینەوەکانی پێشووی خستەڕوو، هەوڵیداوە لەگەڵ لێکۆڵینەوەی ئێستا هاوسەنگیان بکات.
1- سەرجەم لێکۆڵینەوەکانی پێشوو ڕێبازی لێکۆڵینەوەی ئەزموونیان پەیرەوکردووە، هەروەها لێکۆڵینەوەی ئێستاش ڕێبازی لێکۆڵینەوەی ئەزموونی پەیرەوکردووە.

**2- ئامانج:**

لێکۆڵینەوەکانی پێشوو جیان لە رووی ئامانجەوە، کاریگەری ستراتیژی شێوەی خانەی بازنەییان لەگەڵ جیاوازی دارشتن وەرگرتووە، هەوڵی بەدیهێنانیان داوە، تەنها بەشێکیان ئامانجیان زانینی ئاستەنگەکانی ستراتیژی خانەی بازنەیی بووە، بەشەکەی دیکە ئامانجیان زانینی سەختییەکانی ستراتیژی خانەی بازنەیی بووە، هەروەها زانینی واقیعی بەکارهێنانی ستراتیژی خانەی بازنەیی لە وتنەوەی بابەتەکان، لێکۆڵینەوەی (Ward and Wander see 2002) بۆ زانینی کارایی بەکارهێنانی ستراتیژی شێوەی خانەی بازنەیی لە فێربوون، بەڵام لێکۆڵینەوەی (المزروع, 2005) بۆ زانینی کارایی شێوەی خانەی بازنەییە لە گەشەپێدانی کارامەییەکانی دوای مەعریفە، لێکۆڵینەوەی (Salim and etal 2010) بۆ زانینی کاریگەری شێوەی خانەی بازنەییە لە کارایی فێربوون، لێکۆڵینەوەی (ألشباني, 2011)، ئامانجی زانینی کارایی ستراتیژی شێوەی خانەی بازنەییە لە بەدەسهێنانی چەمکی زیندەوەرزانی، بەڵام لێکۆڵینەوەی (الحميداوي, 2012) بۆ زانینی کاریگەری ستراتیژی شێوەی خانەی بازنەییە لە پرۆسەی بیرکردنەوەی داهێنەرانە.لە کاتێکدا ئەو لێکۆڵینەوەیە هاوڕایە لەگەڵ لێکۆڵینەوەی (الشمري وفالح, 2010) و (الحسيني, 2012) و لێکۆڵینەوەی (الشمري, 2011)، لە بنەماوە لێکۆڵینەوەن لە کاریگەری ستراتیژی شێوەی خانەی بازنەیی لە دەستکەوت.

**3- سروشتی لێکۆڵینەوە:**

سەرجەم لێکۆڵینەوەکانی پێشوو هاوڕان لە پەیرەوکردنی ریبازی ئەزموونی و هەروەها لێکۆڵینەوەی ئێستا.

**4- بابەتی خوێندن:**

بابەتەکانی خوێندن لە لێکۆڵینەوەی پێشوو جۆراوجۆرن، لێکۆڵینەوەی (المزروع, 2007) و لێکۆڵینەوەی (Ward & Wander see 2002) تەنها بابەتی زانستییان وەرگرتووە. لە کاتێکدا لێکۆڵینەوەی (الحميداوي, 2012) و لێکۆڵینەوەی (الشبابي, 2011) و هەروەها لێکۆڵینەوەی (ألشمري, 2011) و لێکۆڵینەوەی (Salim & etal 2010) لێکۆڵینەوەیان لەسەر بابەتی فیزیا ئەنجامداوە، لێکۆڵینەوەی (الحسيني, 2012) لەسەر بابەتی زمانی عەرەبییە، بەڵام تەنها لیکۆڵینەوەی ئێستا بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێی وەرگرتووە.

**5- قۆناغەکانی خوێندن:**

لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوو قۆناغەکانی خوێندن وەرگیراون، لێکۆڵینەوەی ( Ward & Wander see 2002) و لێکۆڵینەوەی (Salim & etal 2010) لە قۆناغی سەرەتایی جێبەجێکراون، لە کاتێکدا لێکۆڵینەوەی (ألشمري وفالح, 2010) و لێکۆڵینەوەی (الحميداوي, 2012) لەسەر قۆناغی ناوەندی جێبەجێکراون، لێکۆڵینەوەی (المزروع, 2007) لەسەر قۆناغی دواناوەندی جێبەجێکراوە، لە کاتێکدا لێکۆڵینەوەی (ألشبابي, 2011) و لێکۆڵینەوەی (الحسيني, 2012) لەسەر پۆلی چوارەمی زانستی جێبەجێکراوە، لێکۆڵینەوەی (الحميداوي, 2012) لەسەر پۆلی دووەمی ناوەندی جێبەجێکراوە. بەڵام ئەو لێکۆڵینەوەیە لەسەر پۆلی چوارەمی ئامادەیی جێبەجێکراوە.

**6- شوێنی جوگرافی:**

لێکۆڵینەوەکانی پێشوو کە لێکۆڵەر لە لێکۆلینەوەکەی لە ڕووی شیونی جوگرافی وەرگرتوون جیان، ڕووبەری جوگرافی لێکۆڵینەوەکانی لێ ئەنجامدراوە، درێژبووەتەوە لە عێراق (لە شارە جیاوازەکانەوە) بۆ وڵاتانی عەرەبی، لەوانە شانیشنی عەرەبی سعودیا و ئوردن و فەلەستین، هەروەها بۆ ئەو لێکۆڵینەوانەی لە وڵاتانی بیانی وەکو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و سیریلانکا، بەڵام لێکۆڵینەوەی ئێستا تەنها لە عێراق ئەنجامدراوە.

**7- نموونە:**

نموونەی لیکۆڵینەوەکانی پێشوو جیاوازن لە ڕووی قەبارەیان، هەریەك بە پێی ئەو کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوەکەی لەخۆی گرتووە، گەورەترین نموونە لە لیکۆڵینەوەی (Salim & etal 2010) گەیشتووە بە

(372) تاك، بچووكترینیان لیكۆڵینەوەی (Ward & Wander see 2002) گەیشتووە بە (19) تاك، بەڵام ئەم لێکۆڵینەوەیە نموونەکەی (61) تاکە.

**8- نەخشەی ئەزموونی:**

زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو لە ڕووی کۆمەڵەکان، دوو کۆمەڵەیان وەرگرتووە، یەکیان ئەزموونی و ئەوەی دیکەیان کۆنترۆڵکراو، تەنها لێکۆڵینەوەی (ألشمري، 2011) نەبێت، سێ کۆمەڵەی وەرگرتووە، دووی ئەزموونی و سێی کۆنترۆڵکراو، بەڵام لێکۆڵینەوەی ئێستا، تەنها پشتی بە دوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆلکراو بەستووە.

**9- ڕەگەز:**

نموونەکانی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو جیاکاری لە نێوان نێر یان مێ کردووە، بەڵام نموونەی لێکۆڵینەوەکەی ئێستا نێرن.

**10- ڕاپرسی:**

سەرجەمی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو بۆ کۆکردنەوەی داتاکان هاوڕان لە پشتبەستان بە ئامرازی ڕاپرسی.

**11- ئامرازی ئاماری:**

لێکۆڵینەوەکانی پێشوو کە خراونەتەڕوو، هاوڕان لەسەر ئامرازی ئاماری جۆراوجۆر بەپێی جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوەی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ و تاقیکردنەوەی (مان وتني) بێ مامۆستا، بەڵام لێکۆڵینەوەی ئێستا، تاقیکردنەوەی تائی بەکارهیناوە بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ و کیودر ریتشار سۆن (20).

## بەشی سێیەم
## ڕێبازی توێژینەوە و ڕێکارەکانی

**یەکەم: ڕێبازی توێژینەوە:**

توێژینەوەی ئێستا پشتی بە ڕێبازی ئەزموونی بەستووە، جەختی کردووتە سەر تێبینیکردنی ئەو دیاردە پەروەردەییانەی دەیەویت بە وردی توێژینەوەیان لێ بکات، ڕێباوی ئەزموونی پێناسە دەکات، " ڕێکخستنێکی پرۆگرامییە بۆ بارودۆخێکی دیاریکراو بۆ دیاردەیەك، هەروەها ئەو گۆڕانکاریانە وەسف دەکات، دەخرێتە بەردەمی (عبد الرحمن وعدنان, 2007: 474

**دووەم: نەخشەی ئەزموونی:**

هەڵبژاردنی نەخشەیەکی گونجاو بۆ توێژینەوە لە هەموو لیکۆڵینەوەیەکی ئەزموونی بە پرۆسەی سەرەکی دادەنریت، بۆئەوەی ئەو توێژینەوەیەی ئێستا بتوانیت بگات بە ئەنجامی شیاو و گونجاو، نەخشەی ئەزموونی بە هێڵکاری و بەرنامە کار بۆ شێوازی جێبەجێکردنی ئەزموونەکە دادەنریت، هەروەها پلانە بۆ فاکتەرەکانی دەوروبەری دیاردە خوێندراوەکە و تێبینیکراوەکەیان داوە، نەخشە پلانێکی گشتگیرە دادەنرێت بە مەبەستی کۆکردنەوەی داتاکان و چارەسەرکردنیان لە تاقیکردنەوەی گریمانەکان یان ڕەتکردنەوەیان. (باتشيرجي, 2015: 103)

**سێیەم: کۆمەڵگەی توێژینەوە:**

دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوە و نموونەکەی لە هەنگاوە یەکەمەکانی پرۆگرامە لە توێژینەوەی پەروەردەیی، دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوە لە ڕێگای زانیاری لەسەر ئەو کۆمەڵگەیە دەبیت، کە نموونەی توێژینەوەکەی لێ وەردەگیرێت، ئەو زانیاریانە کۆدەکرێنەوە و لە تۆماری فەرمی تایبەتدا دادەنرێن، زانیارییەکان لە ڕێگای ڕوپێوی ئاماری کۆدەکرێنەوە. (البلداوي, 2007: 20) و (ملحم, 2000: )

کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتیە لە کۆی وشەکان یان یەکەکان یان ڕەگەزەکانی بەشداری دیاردەی بابەتی لیکۆڵینەوەدەکەن و تاقیکردنەوەیان لەسەر دەکرێت، لەو کۆمەڵگەیە نموونەکە بە ڕێگایەك یان بە مەبەست هەڵدەبژێردرێت. (السماك والفهادي, 1986: 20) (فاضل وايمان, 2016: 52) لێکۆڵەر شیوازی ڕەمەکی لە دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوە پەیرەوکردووە، وەسفەکەی لەسەر ئەو بنەمایە کردووە:

- لێکۆڵەر بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی بەغدا" کەرخی دووەمی دیاری کردووە، بە مەبەست ناوەندی شارۆچکەی (اللطيفية)ی هەڵبژاردوە.

**چوارەم: یەکسانی کۆمەڵەکانی توێژینەوە:**

لەگەڵ ئەوەی هەردوو نموونەی کۆمەڵەکانی توێژینەوە (ئەزموونی و کۆنترۆلکراو) لە کۆمەڵگەی هاوتا هەڵبژێردراون، هەروەها لە ناوەندی کۆمەڵایەتی نزیك لە یەك، لە پێناوی گەیشتن بە یەکسانی کۆمەڵەکانی توێژینەوە پێش جێبەجێکردنی ئەزموونەکە، لێکۆڵەر زیاد لە پێویست جەختی لەسەر سەلامەتی ئەزموونی یەکسانی لە نێوان کۆمەڵەکانی لێکۆڵینەوە لە گۆڕاوەکان کردووە، باوەڕی وایە کار لە ئەنجامی ئەزموونەکە دەکات، بە هۆی جیاوازی نێوان فێرخوازان. (عبد الحفیظ ومصطفى, 2000: 180)

لێکۆڵەرە هەڵساوە بە یەکسانکردنی هەندێك گۆڕاو، کە بینیوەیەتی کاردەکەن سەر ئەنجامی ئەزموونەکە، پشتی بە ڕێکارەکانی کۆنترۆڵکردنی ئاماری بەستووە، گۆڕاوەکان ئەمانەن:

**1. یەکسانی لە تەمەنی کاتی هەژمارکراو بە مانگ:**

یەکسانکردن لە نێوان کۆمەڵەکانی توێژینەوەی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) کراوە، بە دەستکەوتنی تەمەنی فێرخوازانی کۆمەڵەکانی توێژینەوەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو، دوای ئەوەی داتاکانی پەیوەست بە تەمەنی کاتی فێرخوازانی نموونەی هەژمارکراو بە مانگ کۆکردووەتەوە بۆ پاشکۆی (2)، لێکۆڵەری ناوەندی ژمێرەیی هەر کۆمەڵەیەکی هەژمار کردووە، بینیویەتی ناوەندی هەژمارکردنی تەمەنی فێرخوازان بۆ کۆمەڵەی ئەزموونی (198،5806)، لە کاتێکدا ناوەندی هەژمارکردن بۆ تەمەنی فێرخوازانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو گەیشتووە بە (198،8000)، بۆ چارەسەرکردنی داتاکان بە ئامار، تاقیکردنەوەی تائی (t - test) بەکارهێناوە بۆ هەردوو نموونە سەربەخۆیەکە، بۆ زانینی بەڵگەی جیاوازی ئاماری، هەروەها ڕوونی کردووەتەوە جیاوازییەکە لە ئاستی (0،05) و بە بەڵگەی ئاماری نییە، وەکو لە خشتەی (1) ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی (1)**

**ناوەندی هەژمارکردن و لادانی پێوەری و بەها تائی هەژمارکراو و خشتەیی بۆ تەمەنی کاتی هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆلکراو**

| ز | کۆی | ژمارە | ناوەندی هەژمارکردن | لادانی پێوەری | جیاکاری | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | لە ئاستی 0,05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| 1 | ئەزموونی | 31 | 198.5806 | 14,47935 | 209,652 | 59 | | | بێ بەڵگە |
| .2 | کۆنترۆلکراو | 30 | 198,8000 | 11,22313 | 125,959 | | 0,066 | 0002’ | |

لە خشتەکەی سەرەوە تێبینی دەکەین، بەهای تائی هەژمارکراو یەکسانە بە (0،066)، ئەوە کەمترە لە بەهای تائی خشتەیی کە (2،000) لە ئاستی بەڵگەیی (0،05) و نمرەی ئازادی (59)، ئەوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی جیاوازی بەڵگەی ئاماری لە نێوان هەردوو کۆمەڵەکەدا نییە، ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەردوو کۆمەڵەکە یەکسانن لە ڕووی تەمەنی کاتی.

**2- ئاستی زیرەکی:**

زیرەکی لە گۆڕاوە گرنگەکانی دادەنرێت، کاردەکاتە سەر ئەنجامی توێژینەوە، لە پێناوی پاراستنی دروستی ئەنجامی توێژینەوەکە لێکۆڵەر تاقیکردنەوەی (راڤن) بۆ ڕیزبەندکراوە پاشکۆکان لە ڕۆژی دووەم 13/ 12/ 2021 جێبەجێ کردووە، ئەوە بۆ گەیشتن بە نمرەیەکی بەرزی ڕاستگۆیی و جێگیری. (الدباغ, 1983: 142) و (الالوسي والزغبي, 2001: 75)

ئەو تاقیکردنەوەیە پێکهاتووە لە (60) شێوەی (ڕێزبەندراو) لە هەر شێوەیەك لەو شیوانە، بەشیکی نادیار هەیە، لە خوارەوەی هەر شێوەیەك شەش شوێنگەرەوە وێنەکێشراو هەیە، داوا لە فێرخواز دەکرێت بەشە

نادرایەکە لە شەش شوێنگرەوەکە تەواو بکات، بە دانانی ژمارەی شوێنگرەوە ڕاستەکە لە بەشە نادیارەکەی شێوەکە، ڕاست و هەڵەکردنی تاقیکردنەوەکە بە دانانی یەك نمرە بۆ برەگەی ڕاست و سفر بۆ برگەی جێهێڵدراو و هەڵە یان وەڵام ندراوەتەوە، بەوشێوەیە کۆی نمرەکە (60) نمرە دەکات. پاشکۆی (8)، هەروەها لەبەر ڕۆشنایی وەڵامەکان نمرەی زیرەکی دیاریدەکرێت.

ناوەندی هەژمارکراو بۆ کۆمەڵەی ئەزموونی گەیشتووە بە (35،4194)، لە کاتێکدا ناوەندی هەژمارکراو بۆ کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو گەیشتووە بە (31،6333)، لەکاتی چارەسەرکردنی ئەو داتا ئاماریانە بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ هەردوو نموونەی سەربەخۆ، ئەنجامەکە دەریخستووە، جیاوازی بە بەڵگەی ئاماری لە نێوان کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە نییە، کە بەهای تائی هەژمارکراو گەیشتووە بە (1،596)، ئەوە کەمترە لە بەهای تائی خشتەیی کە گەیشتبوو بە (2،000) لە ئاستی بەڵگەیی (0،05) بە نمرەی ئازادی (59)، بەوشێوەیە کۆمەڵەکانی لیکۆڵینەوە لە گۆڕاوی زیرەکی یەکسانن، وەکو لە خشتەی (2) ڕوون بووەتەوە.

**خشتەی (2)**

**ناوەندی هەژمارکراو و لادانی پێوەری و بەهای تائی هەژمارکراو و خشتەیی لە نمرەی زیرەکی بۆ کۆمەڵەکانی لیکۆڵینەوەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو**

| ز | کۆمەڵە | ژمارە | ناوەندی هەژمارکردن | لادانی پێوەری | جیاکاری | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | ئاستەکە لە 05،0 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| 1 | ئەزموونی | 31 | 35,4194 | 9,19701 | 84,585 | 59 | 1,596 | 2,000 | بێ بەڵگەی هەژمارکردن |
| 2 | کۆنترۆڵکراو | 30 | 31,6333 | 9,32732 | 86,999 | | | | |

## 5- دەستکەوتی خوێندنی دیاکان:

لێکۆڵینەووەکەی ئێستا تواتنیویتی زانیاری و داتای پەیوەست بە دستکەوتی خوێندنی دایکی فێرخوازن بۆ یەکسانی نێوان هەردوو کۆمەڵەکە لە سایەی ئەو داتایانە دەست کەوێت، کە لێکۆڵەرە بە هۆی ئەو فۆڕمەی پێشکەشی باوکان و دایکانی کردووە، هەروەها لە تۆمار و کارتەکانی قوتابخانە دەستی کەوتووە، بەپێی ئەوەی دەستی کەوتووە، لێکۆڵە دەستکەوتی دایکانی بۆ سێ بەش بەش کردووە (نەخویندەوار یان سەرەتایی، ناوەندی و ئامادەیی، بەکالۆریۆس یان پەیمانگا)، یەکسانی لە دەستکەوتی خوێندنی دایکان لە نیوان هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو ئەنجامداوە، بە بەکارهێنانی چوالای (کا$^2$)، ئەنجامەکە بە هۆی بەکارهێنانی ئەنجامی شیکارکردنی ئاماری بۆ داتاکان دەریخستووە، بەهای (کا$^2$) هەژمارکراوە بە (0،667)، ئەوە کەمترە لە بەهای خشتەیی کە گەیشتبوو بە (5،991) لە ئاستی بەڵگەیی (0،05) و نمرەی ئازادی (2)، ئەوە بەڵگەیە لەسەر یەکیسانی هەردوو کۆمەڵەکە، خشتەی (3) ئەوە ڕووندەکاتەوە.

**خشتەی (3)**

**بەهای چوارلای کای و بەڵگە ئامارییەکەی بۆ گۆڕاوی دەستکەوتی خوێندنی دایکان لە نێوان هەردوو کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو و ئەزموونی.**

| ز | کۆمەڵە | ژمارەی تاکەکان | ئاستی دەستکەوتی دایك | | | نمرەی ئازاد | بەهای کای | | ئاستەکە لە 0,05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | سەرەتایی | ناوەدی و ئامادەیی | بەکالۆریۆس | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| 1 | ئەزموونی | 31 | 2 | 17 | 12 | 2 | 0,667 | 5,991 | بێ بەڵگەی ئاماری |
| 2 | کۆنترۆڵکراو | 30 | 4 | 12 | 14 | | | | |
| کۆی | | 61 | 6 | 29 | 26 | | | | |

**6- دەستکەوتی خوێندن بۆ باوکان:**

توێژینەوەکەی ئێستا توانیویەتی زانیاری پەیوەست بە دەستکەوتی خوێندنی باوکی فێرخوازان بۆ هەردوو کۆمەڵەکانی توێژینەوەی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) لە کارگێری قوتابخانە دەستکەوێت، ئەو زانیاریانەی لە ڕێگای تۆمارەکان و کارتەکانی قوتابخانە دەستکەوتووە، هەروەها لە ڕێگای دابەشکردنی فۆڕمی بەتاڵ بەسەر فێرخوازان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، لەسەر ئەو بنەمایە لێکۆڵەر دەستکەوتی باوکانی بەسەر سێ بەش دابەشکردووە، لەوانە (نەخوێندەوار یان سەرەتایی، ناوەندی یان ئامادەیی، پەیمانگا یان بەکالۆریۆس)، یەکسانی لە دەستکەوتی خوێندن بۆ باوکان لە نێوان لە نێوان هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو ئەنجامداوە، بە بەکارهێنانی چواری (کا$^2$)، ئەنجامی شیکارکردن ئاماری بۆ داتاکان دەریخستووە، بەهای (کای) هەژمارکراو (0،667)، کەمترە لە بەهای خشتەیی (5،991) لە ئاستی بەڵگەیی (0،05) و نمرەی ئازادی (2)، بەڵگەیە لەسەر یەکسانی هەردوو کۆمەڵەکە و خشتەی (4) ئەوە ڕوون دەکاتەوە:

**پێنجەم: کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوە ناخەکییەکان (پاراستنی دروستی ناخەکی):**

مەبەست لە کۆمەڵێك لەو گۆڕاوانەیە توانای کاریگەریان لەسەر گۆڕاوەکان هەیە، لەوانە گۆڕاوە پاشکۆکان، لەگەڵ کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ، لەبەرئەوە پێویستە کۆنترۆڵ بکرێن، کاریگەریان لە گۆڕاوی پاشکۆ دووربخرێتەوە (الشمري, 2011: 109)، لە پێناوی پاراستی دروستی ئەزموونەکە و گەیشتن بە وردەکاری لە ئەنجامەکە، لێکۆلەر هەوڵیداوە سنورێك بۆ کاریگەری ئەو گۆڕاوانە دابنێت و دروویان بخاتەوە، کاریگەری کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو جێگیر بکات، لەو پرسەدا دوو فاکتەر کاریگەریان لەسەر پاراستنی درووستی ئەنجامەکە هەیە، نەخشەی ئەزموونی یەکیان ناوخەکییە، ئەوەی دیکەیان دەرەکییە. (الشربيني واخرون, 2011: 95)

**شەشەم: پێداویستییەکانی توێژینەوە:**

**1. دیاریکردنی بابەتی خوێندن:**

لێکۆڵەر بابەتی زانستی و خویندنی لە کاتی ئەزموونەکە بە (9) بابەتی خویندن دیاریکردوە، لە کتێبی خوێندنەوەی کوردی نوێ هەڵبیژاردوون، کە بە پۆلی چوارەمی ئامادەیی بۆ ساڵی خوێندنی (2021 - 2022) دەخوێندرێت، ئەوانەن:

1- ئەلف و بێی کوردی.

2- ناونیشان.
3- ناویشانی ئامرازی پرسیار.
4- ئازاد و خالید.
5- خێزانەکەی ئازاد.
6- ئەحمەد جوتیارە.
7- ئازاد.
8- گفتوگۆکردن.
9- بڕگە.

**2- دارشتنی ئامانجی ڕەفتاری.**

دارشتنی ئامانجی فێرکردن یان ڕەفتاری لە بونیانان بە هەنگاوە بنەڕەتییەکان دادەنرێت، لەبەرئەوەی یارمەتی مامۆستا دەدات لە دیاریکردنی ناوەرۆکی بابەتی فێرکردن و کارکردن لەسەر ڕێکخستنی و هەڵبژاردنی شێوازی وانەوتنەوە و هۆکار و ئامراز و چالاکی گونجاو، هەروەها پێوەری بنەڕەتییە لە هەڵهەڵسەنگاندنی پرۆسەی فێرکردن (مقلد، 1986: 140). بریتییە لە ئامانجی فێرکردن یان مەبەستی دیاریکراو، لەسەر ئەو بنەمایەی پێوەری ڕەفتاری کردارییە یان وەسفی ئەو تێبینیانەیە کە شیاوی پێوانن (الدليمي وحسين, 1999: 20)، ئامانجی ڕەفتاری بریتییە دەستەواژە، دەبێت بە شێوەیەك دابڕێژرێت بتوانرێت تێبینی بکرێت و لە کۆتایی ماوەی خوێندنی دیاریکراو هەڵبسەنگێنرێت. (طهوب واخرون, 2004: 87) و(كوافحة, 2003: 126)

**حەوتەم : جێبەجێکردنی ئەزموونی سەرەتایی:**

لە پێناوی ناسینی تاقیکردنەوە و ڕوونی بڕگەکانی تاقیکردنەوە و زانینی ئاستی سەختیەکەی، هەروەها هێزی جیاکاری تاقیکردنەوەکە و کارایی شوێنگەرەوە هەڵەکان، هەروەها زانینی کاتی خایاندنی تاقیکردنەوە، بۆ مەبەستی زانینی ئەو ماوەیەی وەڵامی تاقیکردنەوەکە دەخایەنێت، هەروەها بۆ زانینی ڕوونی بڕگەکان و دۆزینەوەی ناڕوونییەکەی، دەرکەوتووە بڕگەکان ڕوون بوونە و ناڕوون نەبوونە، لێکۆڵەر تاقیکردنەوەکەی لەسەر نموونەی سەرەتایی لە فێرخوازانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی لە قوتابخانەی ئامادەیی (الابتكار بۆ کوڕان) جێبەجێ کردووە، ژمارەیان (61) فێرخواز بووە، یەك هۆبەی هەڵبژاردووە، ئەویش هۆبەی (أ)، ژمارەیان گەیشتووە بە (30) فێرخواز، هەمان تایبەتمەندی نموونەکەی هەبووە، نموونەی سەرەتایی گەیشتوە بە (61) فێرخواز، (40) وەڵامی لە پێناوی پێوانی کات ڕاکێشاوە، دەرکەوتووە کاتی وەڵامدانەوەی تاقیکردنەوە بەپێی کات (34 - 53) خولەکی خایاندووە .

**هەشتەم : ئامرازەکانی ئامار:**

لێکۆڵەر ئەو ئامرازە ئامارییانەی بەکارهێناوە:
1- تاقیکردنەوەی تائی (T-Test)
2. چوارلای (کا$^2$): (Chi Square – X2)
3) هاوکێشەی ئاسانی/ سەختی:
4) هاوکێشەی جیاکاری:
5) هاوکێشەی جێگیری کیودر ریتشاردسۆن 20.
6 – هاوکێشەی سبیرمان براون:

**بەشی چوارەم**
**تەوەری یەکەم**
**خستنەڕووی ئەنجامەکان و ڕاڤەکردنیان**

دوای کۆتایی هاتنی ئەزموونەکە بە پێی ئەو ڕێکارە وردانەی لە بەشی سێیەم خرانەڕوو، لێکۆڵە هەڵدەستێت بە خستنەڕووی ئەنجامەکان و تەفسرکردنیان:

**یەکەم: خستنەڕووی ئەنجامەکان:**

لێکۆڵەر لەو بەشەدا ئەو ئەنجامانەی خستەڕوو لەبەر ڕۆشنایی ڕێکارەکانی لە بەشی سێیەم ئاماژەی پێکردوە، بەپێی گریمانەکانی لێکۆڵینەوە (لێرەدا جیاوازی بە بەڵگەی ئاماری لە ئاستی (0،05) لە نێوان ناوەندی نمرەی فێرخوازانی کۆمەڵەی ئەزموونی هەیە، کە بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێیان بەپێی ستراتیژی شێوە خانە بازنەیی پێ وتراوە، هەروەها ناوەندی نمرەی فێرخوازانی کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو، کە هەمان بابەتیان بە ڕێگای کلاسیکی بۆ دەستکەوت پێ وتراوە.

دوای ئەوەی لێکۆڵەر تاقیکردنەوەی دەستکەوتی کۆتایی لەسەر فێرخوازانی هەردوو کۆمەڵەی لێکۆڵینەوە جێبەجێ کرد، نمرەکانی تۆمارکرد، ناوەندەکانی دەرهێنا، دەرکەوت ناوەندی نمرەی فێرخوازانی کۆمەڵەی ئەزموونی (30،1613) بووە، لادانی پێوەری (5،56834)، هاوکات ناوەندی نمرەی فێرخوازانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو (24،6667)، لادانی پێوەری (4،80900) بوو، هەروەها لە کاتی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ هەردوو نموونەی سەربەخۆ (T-test)، لە کاتی هاوسەنگی نێوان ناوەندەکە دەرکەوت بەهای تائی هەژمارکراو (4،119)، ئەوە گەورەترە لە بەهای خشتەیی (2،000)، لە ئاستی بەڵگەیی (0،05)، ئەوە ئاماژەیە بۆ سەرکەوتنی کۆمەڵەی ئەزموونی بەسەر فێرخوازانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو. لەسەر ئەوە گریمانی سفری ڕەتدەکەینەوە، وەکو لە خشتەی (5) دیارە.

**خشتەی (5)**

**ناوەندی هەژمارکراوی لادانی پێوەری و بەهای (تائی) هەژمارکراو و خشتەیی بۆ نمرەکانی فێرخوازان لە کۆمەڵەکانی لێکۆڵینەوە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت.**

| ز | کۆمەڵە | ژمارەی تاکەکان | ناوەندی هەژمارکردن | لادانی پێوەری | جیاکاری | پلەی ئازاد | بەهای تائی | | بەڵگە لە ئاستی ی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ئەزموونی | 31 | 30,1613 | 5,56834 | 31,006 | 59 | هەژمارکراو | خشتەیی | 0,05 |
| 2 | کۆنترۆلکراو | 30 | 24,6667 | 4،80900 | 23,126 | | 4,119 | 2.000 | |

**دووەم: ڕاڤەکردنی ئەنجامەکان:**

لەو ئەنجامانەی لێکۆڵەر پێیان گەیشتووە، سەرکەوتی فێرخوازانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بە ستراتیژی شێوەی خانەی بازنەی وانەیان پێ وتراوە دەردەکەوێت بەسەر فێرخوازانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، کە وانەیان بە ڕێگای کلاسیکی پێ وتراوە، لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت و هەڵگرتنی زانیارییەکان، ئەو لێکۆڵینەوەیە هاوڕایە لەگەڵ لێکۆڵینەوەی هەریەك لە (الحسيني, 2012) و لێکۆڵینەوەی (الشمري, 2011) و لێکۆڵینەوەی (حيدر وفالح، 2010) و (زيتون، 2007) و (امبو سعيدي والوقفي, 2009) و (عبد السلام، 2006).

لێکۆڵەر دەتوانێت ئەو ئەنجامە بگێڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارانە:

1. ئەو ستراتیژییە یارمەتی فێرخواز لەسەر بەدیهێنانی هاوکاری لە نێوان خودی فێرخوازان دەدات، یان هاوکاری لە نێوان مامۆستا و فێرخواز.
2. ئەو ستراتیژییە یارمەتی فێرخواز لەسەر دیاریکردنی بابەتەکە بە شێوەی چەمکی سەرەکی دەدات، هەروەها کار لەسەر بەشکردنی بۆ چەمك و زانیاری لاوەکی دەدات.

3. وێنە و نیگاری بینراو سەبارەت بەو مەعریفەیە بە فێرخوازان دەدات، کە پێیان دەگەن، پرۆسەی هەڵگرتن بە یادەوەری کورتخایەن ئاسان دەکات، دەرفەتی بەشداریکردن و کارکردن بە زیاتر لە هەستێك (هەستی بینین لەگەڵ هەستی بیستن) دەرەخسێنێت، کە فێربوونی واتادار بەدیدەهێنێت.
4- گونجاوی ستراتیژی خانەی بازنەیی بۆ فێرخوازانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی، کاتێك فێرخوازانی ئەو قۆناغە ئارەزووی زانینی چەمك و زاراوەیان هەیە.
5- نوێکردنەوەی ئەو ستراتیژە لە فێربوون، وایکردووە لە نێو فێرخوازان ویستراو بێت، بە جۆش و پاڵنەرییەوە پەسندی بکەن، بە پێچەوانەی ڕێگای ئاسایی.

## تەوەری دووەم
## دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان و پێشنیارەکان

**دەرئەنجام :**
لە ماوەی ئەو ئەنجامەی لێکۆڵەر پێی گەیشت، دەتوانێت ئەو دەرەنجامانە بخاتەڕوو:
1- کاریی خوێندنەوە بەپێی ستراتیژی خانەی بازنەیی لە زیادکردنی دەستکەوتی فێرخوازانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی.
2- وتنەوەی بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێ بە فێرخوازانی پۆلی چوارەمی گشتی بەپێی ستراتیژی خانەی بازنەیی، چاکترە لە پێ وتنەوەیان بەپێی ڕێگای ئاسایی (کلاسیکی).

**ڕاسپاردەکان:**
لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامەی لێکۆڵەر پێی گەیشت، ئەو ڕاسپاردانەی هەیە:
1- پێویستە سەرپەرشتیارانی پەروەردە جەخت لە گرنگی بەکارهێنانی کاریگەری ستراتیژی خانەی بازنەیی بکەنەوە، وەکو شێوازێکی کاریگەر لە دەستکەوت لە پاڵ شێوازەکانی دیکە.
2- جەختکردنە سەر گرنگی و کاریگەری ڕاهێنان لەسەر بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێ، لە ڕووی حولەکانی پەرەپێدانی توانستی وانەوتنەوە، لەگەڵ ئاشنابوون و شارەزاییان لەسەر هەنگاوی ڕاست بۆ وانەوتنەوەی زمانی کوردی.

**پێشنیارەکان:**
بۆ تەواوکردنی ئەو لێکۆڵینەوەی ئێستا، لێکۆڵەر ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی هاوشێوەی لێکۆڵینەوەی ئێستا پێشنیار دەکات:
1- لێکۆڵینەوە لە کاریگەری ستراتیژی خانەی بازنەیی لە دەستکەوتی فێرخوازانی پۆلی چوارەم بۆ بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێ و ئاراستەیان ڕووە و بابەتەکە.
2- لێکۆڵینەوە لە گۆڕاوەکانی دیکە، بەدەر لە دەستکەوت، وەکو (بیرکردنەوەی بەڵگەیی، ئاراستە ڕووە و بابەتەکە، بیرکردنەوەی داهێنەرانە).

## سەرچاوەکان


1. ابو عقيل ،ابراهيم(2020).اثر استخدام استراتيجية البيت الدائري في تحصيل وتنمية الاتجاه نحو الرياضيات ،جامعة الخليل ،كلية التربية ،فلسطين.
2. ألعبادي, احمد هاشم عبد الكاظم. (2010). **تقويم مستوى التمكن من المفاهيم الجغرافية لدى طلبة معاهد اعداد المعلمين والمعلمات ,رسالة ماجستير** ,غير منشورة, كلية التربية ابن رشد جامعة بغداد.
3. أمبو سعيدي،عبد الله بن خميس (2009).طرائق تدريس العلوم مفاهيم وتطبيقات علمية ،الطبعة الاولى ،دار الميسرة للنشر والتوزيع والطباعة ،عمان ،الاردن.

4. ايمان(2016 )فاعلية أستراتيجية شكل البيت الدائري في تنمية المفاهيم الرياضية والتفكير البصري لدى تلاميذ1 المرحلة الابتدائية،مجلة البحث العلمي في التربية ،ع17،ج4.

5. باتشيرجي ،أنول (2015).**بحوث العلوم الاجتماعية المبادئ والمناهج والممارسات** ،ط2،ترجمة خالد ناصر ،دار اليازوري . .

6. البلداوي ،عبد الحميد عبد المجيد (2007).**أساليب البحث العلمي والتحليل الاحصائي** ،ط1،الاردن ،عمان ،دار الشروق.

7. الحسيني , ألفت عصام تومان (2012). **أثر إستراتيجية شكل البيت الدائري في تحصيل قواعد اللغة العربية عند طالبات الصف الرابع العلمي** , **رسالة ماجستير غير منشورة** جامعة بغداد , كلية التربية ابن رشد .

8. الخطيب،منى فيصل (2003).**تأثير استراتيجية ماوراء المعرفة لتعلم العلوم في التحصيل والتفكير الناقد لدى تلاميذ الصف الخامس الابتدائي**،كلية البنات جامعة عين الشمس .

9. الدباغ, فخري وآخرون (1983). **اختبار رافن للمصفوفات المتتابعة المقننة للعراقيين**, جامعة الموصل, العراق.

10. الدليمي ,كامل محمود وطه حسين (1999).**طرائق تدريس اللغة العربية**,دار الكتب للطباعة والنشر ,بغداد .

11. زيتون ,عايش محمود (2007).**النظرية البنائية واستراتيجيات تدريس العلوم**,ط1,دار الشروق,عمان .

12. سلامة ،عبدالحافظ محمد (2002).**وسائل الاتصال والتكنلوجيا في التعليم** ،ط2 ،عملان ،الاردن ،دار الفكر للطباعة والنشر .

13. شحاتة ,حسين , وزينب النجار (2003). **معجم المصطلحات التربوية والنفسية**, ط1, الدار المصرية اللبنانية, للنشر والتوزيع, القاهرة.

14. الشربيني ،فوزي ،وعفت الطناوي (2011).**تطوير المناهج التعليمية**،ط1،دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة ،عمان .

15. الشمري ،ثاني حسين حاجي (2011).**أثر استراتيجية المحطات العلمية ومخطط البيت الدائري في تحصيل مادة الفيزياء وتنمية عمليات العلم لدى طلاب معاهد اعداد المعلمين** ،اطروحة دكتوراة غير منشورة ،كلية التربية أبن الهيثم،جامعة بغداد .

16. طهبوب ،رضوان ،وأخرون (2004).**أستعمال الوسائط المتعددة في تصميم المسافات المنهجية لطلبة المدارس والجامعات** ،بحث تطبيقي ،منشور جامعة بوليتكنيك ،فلسطين.

17. عبد الحفيظ،أخلاص محمد ،ومصطفى حسين (2000).**طرق البحث العلمي والتحليل الاحصائي في المجالات التربوية والنفسية والرياضية** ،دار الكتاب للنشر ،جامعة المنيا .

18. عبد الرحمن،انور حسين ،وعدنان حقي شهاب زنكنة(2007).**الانماط المنهجية وتطبيقاتها في العلوم الانسانية والتطبيقية** ،ط1،مطابع شركة الوفاق .

19. عبد السلام ,مصطفى (2006). **تدريس العلوم ومتطلبات العصر** ,ط1,دار الفكر العربي, القاهرة.

20. العجرش ،حيدر حاتم فالح (2016).اثر استخدام استراتيجية شكل البيت الدائري في تحصيل مادة التاريخ العربي الاسلامي عند طلاب الصف الثاني المتوسط،مجلة كلية التربية الاساسية للعلوم التربوية والانسانية،العدد26،جامعة بابل،كلية التربية الاساسية .

21. عياد ،منى خالد (2008 ).اثر برنامج بالوسائط المتعددة في ضوء نظرية الذكائات المتعددة على أكتساب المفاهيم التكنلوجية وبقاء أثر التعلم لدى طالبات الصف السابع بغزة ،رسالة ماجستير منشورة ،الجامعة الاسلامية ،غزة .

22. كوافحة ،تيسير مفلح (2003).**القياس والتقييم وأساليب القياس والتشخيص في التربية الخاصة** ،الطبعة الاولى ،دار الميسرة للنشر والتوزيع والطباعة،عمان الاردن.

23. المسعودي ,محمد حميد مهدي (2002). **تقويم أداء مدرسي الجغرافية في المرحلة المتوسطة في ضوء المهارات الجغرافية** ,**رسالة ماجستير** غير منشورة ,كلية التربية جامعة بابل.

24. مقلد, محمد محمود (1986). **كيف تصوغ هدفاً سلوكياً**, رسالة التربية, تطبيق في مجال اللغة العربية, سلطنة عمان.

25. ملحم , سامي محمد (2002). **القياس والتقويم في التربية وعلم النفس** , ط1, مكتبة الجامعة الهاشمية, دار المسيرة ,للنشر والتوزيع.